# گوندێکی چەند بێ ڕەحمە!

نورەدین سەعید وەیسی

هەر کە باس دێتە سەر ئەم دنیایە، سەدان کەس لەمسەرو ئەوسەری دنیادا قیت دەبنەوەو دەڵێن بەخوای‌دنیایەکی‌پێشکەوتووە، سەردەمی‌ئینتەرنێت و عەولەمەیە، بێ خەبەر لەوەی ئەم عەولەمەو پێشکەوتنە لەسەر ئێسك و پرووسکی ملیۆنان کەس بنیات نراوەو کارەساتی زۆر گەورەی بە دوای خۆیدا جێهێشتووە .

بە پێی دوا راپۆرتی رێکخراوي خۆراکی جیهاني WFP کە لە چەند رۆژی رابردوودا دەرچووە، لە ژێر سایەی عەولەمەو سیستەمی نوێی جیهانیدا رۆژانە ٢٤٠٠٠ هەزارکەس لە برسان دەمرن، کەچی لەهەمان کاتیشدا:

- (لویس ڤیگۆ) و) رۆنالدۆ) و (رائول) بەکەمتر لە پەنجا ملیۆن دۆلار رازی نابن بۆ هیچ یانەیەك یاری بکەن و پێ و قەدەمی پڕ خێرو بەرەکەتیان راوە شێنن .
  (مادۆنا) و (مایکل جاکسۆن) پاش دەیان دەست ماچکردن ئینجا رازی دەبن بێنە سەر شانۆ و بەجەماوەرە بێ شومارەکەیان بلێن هاي!
- (عەمرۆ دیاب) ی گۆرانیبێژی میسری ئامادەنییە لە ٨٠ هەزار دۆلار کەمتر، سەعاتێك بلێ) تملي معاك) و) حبیبي یانور العین) .
- سەگەکەی (بیل گیتس) ی خاوەنی کۆمپانیای مایکرۆسۆفت مانگانە سەدان هەزار دۆلار بە با دەدا .
- (بیل کلینتۆن) ی سەرۆکی پێشووی USA تەنها لە بری چوار سیمیناردا نزیکەی ١٠ ملیۆن دۆلاری وەرگرت، ئیدی عەرەب با هەر بلێن) اذا کان الکلام من فضة، فالسکوت من ذهب) !.

راستە یەکسانی خەونێکی گەورەی مرۆڤایەتییەو هەزارانی وەکو مارکس بەو خەونەوە سەریان نایەوە، چونکە جیاوازی چینایەتی و هەژاری و دەوڵەمەندی سروشتێکی دێریني مرۆڤایەتییەو لە نێو بردن و بنبڕ کردنی هەژاریش خەیاڵێکی یەکجار خۆشە، بەلاّم وەختێك حالّی دنیا بەمجۆرە بێ، گوناهەبلێین دنیایەکی پێشکەوتووە .

ئەرێ ئەوپەڕی‌گاڵتە جاری نییە نەتەوەیەکگرتووەکان ماوە ماوە لە ژێر دروشمی بریقەداری قەلاّچۆکردنی برسێتی و نەداری دەیان و سەدان کۆنگرەی زەبەلاح لێرەولەوێ دەبەستێ و

www.kurdistannet.org
18/06/2002 21:58

سەدان ملیۆن دۆلار لەسەر شەڕەفی ئامادەبووان خەرج دەکا، کەچی ماوە ماوەش:

-بایی یەك ملیۆن دۆلار و بگرە زیاتریش تەنها لە بۆیەکردنەوەی ساختمانە قەشەنگ و بالاٌکەی سەرف دەکا .

-زیاتر لە یەك ملیۆن دۆلار لە گۆڕین و نوێکردنەوەی گلۆپ و سورەییاکانی خەرج دەکا .

-هیچ ئاهەنگێکی بە کەمتر لە چەندین ملیۆن دۆلار تەواو نابیٌ .

ئەم دنیایە لەوە زاڵمتر کە ۸۰%خەڵکی ئەم جیهانە ماندوو دەبن و ئارەقی رەش و شین دەرێژن، کەچی داهات و خێرو قازانجەکەی دەچێتە گیرفانی تەنها ۲۰%ی دانیشتوانەکانی!

دڵنیام زۆرن ئەوانەی کەسەدان هەزار دۆلار تەنها لە (رازاندنەوەی!) تواليێت و ئاودەستخانەکانیان بەفیڕۆ دەدەن .

بێگومانم لەوەی هەر تەنها بەو پارەیەیلە چاپکردن و بلأوکردنەوەی وێنەی سەرۆك و بەرپرسەکانی ولأتانی رۆژهەلأت و پاشکەوتوو خەرج دەکرێت، ژمارەیەکی زۆری برسییەکانی ولأتەکانیانی پیٌ تێر دەکریٌ .

بە پێی( راپۆرتێکی رۆژنامەی) (نداي تايمز) ی بەریتانی تەنها داهاتی (۳۵۸) ملیار دێریجیهانی یەکسانە بەکۆی داهاتی (۳) ملیار دانیشتووی دنیا .!

بیٌ شك ئەم دەوڵەمەندانە لەسەر حیسابی سك هەڵگوشین و مەرگی ئەو چەند ملیار خەڵکە، ئەو هەموو داهاتەیان بەسەریەکەوە ناوە، خۆ ناشیٌ وابزانین بیتاقەی) لۆتۆ) *یان بۆ دەرچووە، یا بە هۆی بەرنامەکانی (مسابقه الملايين) و (من سيربح المليون) و (وزنك ذهب) بوونەتە پاشا!

* لۆتۆیانسیبێکە لەبازاڕەکانی‌کوردستاندا دەفرۆشرێت.

nuradinwaisi@hotmil.com